# ماستەکەی مۆزەخانەی هەولێر گوریسێکی تیایە !

تامان شاکر / ئەلمانیا

2005/3/12

هەستی نەتەوایەتی و هۆشیاریی مێژوویی بەر لەوەی بزوتنەوەو خەباتی پارتیزانی بێت،بوونێکی کۆمەلایەتی و مێژووییە کە لەگەڵ مرۆڤ گەورە دەبێت.خۆشەویستی نەتەوەو،هەستی نەتەوایەتی لای مرۆڤ مانای پەیوەست بوونە بەنەتەوەو بۆ هەر شتێك کە پەیوەندی بە بوونی نەتەوەیەکەوە هەبێت،

. مرۆڤی کوردپەیوەندی توند تۆڵی بە خاکەکەیەوە نییە خۆشی بە بەرپرسیار نازانیت بەرامبەر بە کێشەکانی.چونکە کەسایەتی کورد کەسایەتییەکی تێکشکاوەو هەست بە بوونی خۆی ناکات خۆشەویستیشی نییە بۆ هەموو ئەو شتانەی کە پەیوەندیان بەبوونی نەتەوەکەیەوە هەیە.

ئەگینا چۆن لە ولاتی خۆمان و لەژێر دەسەلاتی کوردیدا,سامان وکەلتووری نەتەوەیەك تالان دەکرێت.
مۆزەخانەی هەولێر مێژووی نەتەوەو نیشتمانێکە مێژووی ناوچەو شارێکە مێژووی ماوەو سەردەمێکەچۆن دەبێت ئاوا بەئاسانی تالان بکرێت.جاران دوژمنەکانمان تالانیان دەکردین لەوەدا دەسەلاتمان نەبوو،تەنها ڕق لەلامان دروست دەبوو،ئێستا خۆمان خۆمان تالان دەکەین

ئێمە لە دوژمنەکانمان فێربووین لە دوای ڕاپەرینەوە تالانمان کرد بەکەلتوور لە کوردستان.
بەلام دوژمنەکانمان ولاتەکەی خۆیان تالان ناکەن چونکە ئەوان ولاتەکەی خۆیان خۆش دەوێت،بەلام بە کەلەپووری نەتەوەکەی ئێمە لە ئەوروپا بازرگانی دەکەن.

ئەوە هەر ئێمەین هەموو شتێك دەکەین بە قوربانی پارە.ئەوەی لە کوردستان پارەو دەسەلاتی هەیە زۆرتر تالان دەکات،چونکە توانای ساغکردنەوەو گواستنەوەی شتەکانی هەیە بۆ ولاتانی دراوسێ لە سەرەتای نەوەدەکانەوە هەرچی لە کوردستان هەبوو گوزرایەوە بۆ ولاتانی داگیرکەری کوردستان.من دڵنیام مۆزەخانەی هەولێریش هەر بەم دەردە چووە.
شاری هەولێر شارێکی ئەوەندە گەورە نییە،واتە بەرلین پاریس نییە خەلکی هەولێریش ئەگەر بە ناویش یەکتری نەناسن دڵنیام بە دەم و چاو یەکتری دەناسن مۆزەخانەی هەولێریش لە دەرەوەی شار نییە لە شوێنێکی وایە بەردەوام ئاسایش هاتوچۆی تیادا دەکات،کەواتە ئەوەی ئەو تالانەی کردووە دەبێت لە سەروی دەسەلاتەوە بێت.

پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە کێ ئەوەندە ئازایە مۆزەخانەیەك تالان بکات؟ کێ ئەوەندە خاوەن دەسەلاتە؟ کێ ئەوەندە پیاوی هەیەکە لە ماوەیەکی کورتدا بتوانی ئەم هەموو شتە بار بکات؟
کێ ئەوەندە ئازایە ئەم هەموو شتە لە سنوورەکان دەرباز بکات ؟ تۆ بڵی کوردستان لە ئەوروپا پێشکەوتوو تر بێت و سنوورەکان هەلگیرابن چونکە تا ئێستا لە نێوان ولاتانی یەکێتی ئەوروپادا کۆنترۆل هەیە. کەواتە دەبێت ما فیای کەلەپووردزین لە کوردستان هەبێت،سەرۆکی مافیاش لە سەروی دەسەلاتەوە بێت.

ئەوەی بۆ من جێگای سەرنجە ئەوە چەند مانگی بەسەردا تیپەری حکومەتی هەرێمی کوردستان هیچ ڕوونکردنەوەیەکی لە سەر ئەم کارەساتە نەداوە و، چونکە ئەوان باش دەزانن کورد شت زوو لە بیر دەکات،دوایی ماوەیەکی تر شتەکە لە بیر دەچێتەوە .
نە وەزیری ناوەخۆ نەپاریزگاری هەولێر و،نەبەرپرسی ئاسایش و پۆلیس ،نە وەزیری ڕۆشنبیری کەس خۆی بە بەرپرسیار نازانیت و کەسیش دەستی لە کار نەکێشاوەتەوە وەزیرەکانیش ناوێرن بۆ ڕۆژنامە نووسان بدوێن.بەبێ ئاگاداری سەرۆکی حکومەت .کەواتە ئەم ماستە گوریسیکی تیایەو سەرۆکی حکومەت شتێك دەزانێت لە خەڵکی کوردستانی دەشارێتەوە.

ئەگەر ئەم کارەساتە لە هەر ولاَتێکی تر بوایە حکومەت هەڵدەوەشایەوە بەلاَم کوردستان ولاَتی خەڵکی کوردستان نییە، بەڵکو ولاَتی حیزب و دەسەلاَتە.گیرهارد شرۆیدەی سەرۆکی حکومەتی ئەڵمانیا کاتیك بۆ پشوی هاوین خانوویەکی کۆنی بەکرێ گرتبوو کەمێك تاریك ببوو تەنها ویستبووی پەنجەرەیەك بگۆڕێت لە خانووەکە،کە وەك موڵکی دەوڵەت لە دەزگای شوێنەواری ئەڵمانی تۆمار کرابوو.پانزە هەزار یۆرۆ سزا درا،کەچی لە ولاَتەکەی ئێمەسامانی چەند ساڵەی نەتەوەیەك دەدزرێت،کەسیش خۆی بەبەرپرسیار نازانێت، بەلام لە قسەکردنەکانیان و لە پرۆگرامە بەناو سیاسیەکانیان دەیانەوی لاسایی ئەوروپا بکەنەوە ، ئەمە چەندی بە چەند .

ئەوەی مۆزەخانەی هەولێری تالاَن کردووە نەك تەنها وەك دز تاوان بارە،بەڵکو سوکایەتی بە مێژووی میلەتێك کردووە و تاوانەکەی بە هیچ شێوەیەك لە جاشێك یان ئەنفال چییەك کەمتر نییە.

هەڵوێستی مرۆڤی مەزن بەکار دیارە،ئێمەش وەك گەلی کورد چاوەڕوانی هەڵوێستی مرۆڤێکی مەزن لە سەرۆکی حکومەتی هەرێم دەکەین بۆ لێکۆڵینەوەو دەست گیرکردنی تاوان باران،جا هەرکەسێك بن و سەر بە هەر بنەماڵەو خێزانێك بن،ئەگەر کورد دەیەوێ خۆی لە عەرەب فارس و ترك جیا بکاتەوە و سیستەمێکی دیموکراتی پیادە بکات،دەبێت مرۆڤەکان هەموویان بەرامبەر یاسا یەکسان بن،کەس لە سەروی دەسەلاَتی یاساوە نەبێت ئەگینا دەبێت بڵێن هەزار رەحمەت لە کفن دز